# بەڵێ بۆ شەری دژی سەدام

ئیبراهیم هەورامانی

بەڵێ بۆ شەر. ئەم دەستەواژەیە بەو مانایە رافە ناکەم کە پشتگیری لە جەنگێك بکەم بێ لە ماڵ وێرانی و خاپور کردن و قەتڵو عام کردنی هەزاران کەسی بێ دیفاع بکات.

. . من کە بەڵێ یەك دەخەمە سەر تەواوی ئەو هەزاران بەڵێ یەی دەخوازن جەنگێك بەرپا بێت. تەواوی یاسا دژی بەشەرییەکانی رژێمی بەعس رابماڵێ ودەسەلاتێکی دیموکراتی رێ خۆشکەر بێت بۆ دەسنەبەر کردنی ئازادی یەکانی تاکی کۆمەڵ و سەرەتای بنیات نانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێت.

بەڵێ بۆ ئەو شەرەی چاوەروان دەکرێت حکومەتی ئەمەریکا لە ئایندەیەکی نزیك دا بە دژی رژێمی بەعس بەرپاس بکات.

بەڵێ بۆ شەر لە دژی ئەو رژێمەی کە نزیکەی (30) ساڵە دژی بەشەری یەکی وەك سەدام هێناوەتە سەر کورسی دەسەلات و بێ ووچان و بەبەردەوامی و بێگوێ دانەهەموو یاسا و رێسایەکی ئینسانی کەوتۆتە قەتڵ و عام کردنی هاوولاتیانی کۆمەڵگای عێراقی و چەسپاندنی سیاسەتی بە سوتماك کردنی خاکی عێراق.

دیسانەوە دەڵێم بەڵێ بۆ شەر . بەڵێ بۆ جەنگ . بەڵێ بۆ جەنگی ئەمەریکا بە دژی رژێمی عێراق. . لە کاتێك دا لە تەك ملێنان هاوولاتی عێراقی دا دەنگم یەك دەخەم. . ئەم (بەڵێ بۆ شەر) ەی من و ملێنانی وەك من رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە نەگریسەی رژێمی خاوەن (30) ساڵەی قاڵبوی نێو دەسەلاتی تینوو بە خوێنی هاوولاتیانی ستەم دیدەیی عێراقە.

پشتگیری کردن لە جەنگی ئەمەریکا بە دژی عێراق مانای تەسلیم بوون نی یە بە تەواوی دەسەلات و یاساکانی ئەمەریکا نی یە بۆ چەسپاندن و داگیرکردنی عێراق و درەست بوونەوەی حاکمیەتێکی دیکتاتۆری تر.

پشتگیر کردنی جەنگی ئەمەریکا بە دژی عێراق بەو مانایە لێك نادرێتەوە کە ئەمرۆ تەوژمی عەرەبی رەگەزپەرستی و هاوسۆزەکانی رژێم و خاوەن سوومەندەکان ئابووری یەکان لە عێراق دا ئاماژەی پێدەدەن.

راشکاوانە تر ئاماژەی پێ بدەم ئەمرۆ بەرەی دژ بە گەلی کورد بەرەی دژ بە ئازادی ئەم گەلە ستەمدیدەیە بە بیانوی جۆراو جۆر بەڵێ بۆ بەردەوام بونی رژێمی عێراقی بەرز دەکەنەوە لەسەر کورسی دەسەلاتە خوێناویە کەی دا. هەموو تاکێکی کۆمەڵگایی عێراقی مافی رەوای خۆیەتی پێشوازی لە جەنگێك بکات کە هەوڵی سرینەوەی تەواوی سیاسەتی جینایەتکارانەی سەدام دەدات.

بۆیە من لێرەوە پرسیار لە تەواوی ئەو کەسانە دەکەم کە رەنگە تەواوی خاوەن بەڵێ کان بۆ شەری دژی رژێمی عێراق بە کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی ئەمەریکا مەزەندە دەکەن. . لەم روانگەیەوەدەکرێ وەلامی ئەم پرسیارەر بخەنە روو.

ئەگەر ئەوان پێیان وایە مەبەستی ئەمەریکا ئەگەر چی نەمانی رژێمی سەدامە دەیەوێ وەك داگیرکەرێك بێتە مەیدانەکەوە وپیرۆزی کۆمەڵگایی عێراقی پێشێل بکات. . ئاخۆ ناکرێت لە پێناو پارێزگاریکردن و ئازادکردنی کۆمەڵگا ی عێراقی بە عەرەب و کورد و تورك. . . . . . هتد. کە سالانێکە بە دەست ئەم رژێمەوە دەچەوسێنرێنەوە بێنە مەیدان و بەرەیەکی شۆرشگێرانە پێك بێنن یاخود هاوپشت و هاوو دەنگی ئەم کۆمەڵگا نارازیی و ستەم دیدەیەبن لە کۆتای دا تەئکید دەکەمەوە هەرگیز عێراقی یەکان کە بەڵێ بۆ شەر دەکەن. .

رازی نابن بە سەدامی دوای سەدام.

hawramani11@yahoo.com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە... لەگەڵ رێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم رێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣